Available online at http://aran.garmian.edu.krd

**Aran Journal for Language and Humanities**

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC-11

# ڕۆڵی فەیسبووك لە بازاڕسازیی گەشتیاریی ناوخۆییدا– توێژینەوەیەکی مەیدانییە

**یادگار عەلی محەمەد**

زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **April 2025** |
| Accepted | **May 2025** |
| Published: | **August 2025** |

**Keywords**

**ڕۆڵ، فەیسبووك، بازاڕسازیی، بازاڕسازیی گەشتیاریی ناوخۆیی**

**Corresponding Author**

yadgarali@garmian.edu.krd

**پوختە:**

بواری گەشتیاریی بووەتە لایەنێکی گرنگی ژیاری مرۆڤایەتیی و هەژموونی خۆی بەسەر بەشێکی زۆر لە ئاستەئابووریی، کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگەکان سەپاندووە. بەتایبەت لە سەردەمی دەرکەوتنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان. ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێت بە دوای ئەو ڕۆڵەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك دەتوانێت لە بازاڕسازیی گەشتیاریی لە هەرێمی کوردستان بیگێڕێت، بۆئەوەش ڕووانگە و بۆچوونی پسپۆرانی ڕاگەیاندنی لە زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان و ناوەندە پەروەردەییەکان و دامەزراوە جۆربەجۆرەکانی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە.

توێژینەوەکە لە جۆری وەسفییە و ڕێبازی ڕووپێوکاریی تیابەکاردەهێنرێت بۆ وەرگرتنی بۆچوونی (84) پسپۆری ڕاگەیاندنی لە ڕووی ڕەگەز، بڕوانامە و پلەی زانستیی و پسپۆری ورد بە نموونە وەرگرتووە. سنوری شوێنی توێژینەوەکە ئیدارەی گەرمیان دەگرێتەوە، لە ڕووی کاتییش؛ مانگی ئازاری (2025).

توێژینەوەکە بە چەندین ئەنجامی زانستی گەیشتووە:

1. بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك لە بواری بازاڕسازیی گەشتیاریی گرنگییەکەی لە چەندین لایەنەوە دەردەکەوێت: (دەبێتەهۆی هاندان بۆ گەشت و سەیران)، (ئاشناکردنی گەشتیار بە تایبەتمەندی ناوچە گەشتیارییەکان) و دواتریش (باشکردنی وێنای ناوچەگەشتیارییەکان لای گەشتیاران).
2. بازاڕسازیی گەشتیاریی سەرکەوتووانە لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك پێویستی بە فەراهەمکردنی چەند پێداویستییەك هەیە: (بەکارهێنانی ئامرازە بینراو و بیستراوەکان لە ماڵپەڕەکەدا - ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئەلیکترۆنیی)، (فەراهەمکردنی ماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە کۆمپانیا گەشتیارییەکان) و (بەکارهێنانی باشترین شێواز و ڕێگە بۆ گەیشتن بە ماڵپەڕەکە لە تۆڕی ئینتەرنێت).
3. ئەنجامدانی بازاڕسازیی گەشتیاریی لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك لە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەندین لەمپەر بووەتەوە: (لاوازی مەعریفەی ئەلیکترۆنیی و تەکنەلۆجی لای گەشتیار)، (لاوازیی متمانەی گەشتیار بە مامەڵەی ئەلیکترۆنیی)، (لاوازی ژێرخانی تەکنەلۆجی لای کۆمپانیا گەشتیارییەکان) و (لاوازیی متمانە لەبارەی لاپەڕەی کۆمپانیاکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك).

## پێشەکی:

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ڕێگەی ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی لەسەر بوارەکانی ژیان هەیانە بەتایبەت، کە بوون بە ناوەندێکی سەرەکی بۆ دەوڵەمەندکردنی تاکەکان بە زانیاری و گەیاندنی هەواڵ و ڕاستییەکان، دەتوانن لەو ڕێگەیەش ببن بە ئاوێنەی ژیان و بەشدار لە بونیاتنانی کۆمەڵگەکان.

لەگەڵ بەرەوپێشچوونی بواری تەکنەلۆجیا بواری میدیاش پێشکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە بینیووە، تا گەیشتووە بە سەردەمی میدیای نوێ و دەرکەوتنی تۆڕی کۆمەڵایەتییەکان.

فەیسبووك، وەك تۆڕێکی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی لە زۆربەی بوارەکانی ژیان بەتایبەت بواری گەشتیاریی هەیە، بەکارهێنانی لەو بوارە و بۆ بازاڕسازیی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان؛ بووەتە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر و لە زۆر شوێن، وەك بوارێکی زیندوو و کاریگەر تەماشا دەکرێت.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا؛ گەشتوگوزار تەنها چالاکییەك نییە لە گەشت و گواستنەوە و بەسەربردنی کاتێکی خۆش و ئاشنابوون بە شوێن و ڕۆشنبیریی و شارستانی جیاواز پێکهاتبێت، بەڵکوو بوارێکی گرنگی ئابووریی و کۆمەڵایەتییە و زۆربەی وڵاتان لەو ڕێگەیەوە دەرامەتی ئابووریی بەرچاو بەدەستدەهێنن. لە گەشەپێدانی ئابووریی وڵاتان و زیادکردنی داهاتی نەتەوە و ڕەخساندنی دەرفەتی کار ڕۆڵی هەیە. سەرباری ئەوەی بەشێکیشە لە کەلەپووریی شارستانی هەر گەلێك.

هەرێمی کوردستان هەڵکەوتەیەکی جوگرافی گرنگ و دەرفەتێکی گەورەی گەشتیاریی هەیە. بەشێوەیەکی گشتیی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی ئەو بوارە بەردەستن و سروشتێکی دڵڕفێن و سەرنجڕاکێش ڕەخساوە. ناوچە گەشتیارییەکان بەنزیکەیی دەکەونە هەموو پارێزگا و ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەت ناوچە شاخاوی و کوێستانییەکان و بەدرێژایی ساڵ گەشتیاریی ناوخۆیی و بیانی ڕوویان لێدەکەن.

هەموو ئەوانەش بوون بە دەرفەت و ئاسانکاریی بۆئەوەی کۆمپانیاکانی بواری گەشتیاریی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك، وەك ئامرازێکی گرنگ بۆ بازاڕسازیی خزمەتگوزارییە جۆرەبەجۆرەکانیان بە زمانە جیاجیاکان بەکاربهێنن، گەشتەکان و شوێن و کاتی مانەوەی گەشت و گەشتیاران دیاریبکەن تەنانەت لەو ڕێگەیەوە خەرجییەکانیان لێوەربگرن و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆش پەیوەندیان لەگەڵ ببەستن.

## تەوەری یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوە

**کێشەی توێژینەوە:** بریتییە لە زانینی ڕۆڵی فەیسبووك لە بازاڕسازیی گەشتیاریی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستاندا.

ئامانجی توێژینەوە: لە چەند ئامانجێکدا کورتدەبێتەوە، لەوانە:

1. دەستنیشانکردنی ناوەڕۆکی کاریگەری بەرهەمە میدیاییەکانی فەیسبووك لە بازاڕسازیی گەشتیاریی ناوخۆییدا.
2. گرنگی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك لە بواری بازاڕسازیی گەشتیاریی لە هەرێمی کوردستان.
3. گەیشتن بە پێداویستی سەرکەوتنی بازاڕسازیی گەشتیاریی لە ڕێگەی فەیسبووك لە هەرێمی کوردستان.
4. دەرخستنی ئاستەنگەکانی بەردەم تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك لە بازاڕسازیی گەشتیاریی لە هەرێمی کوردستان.

**جۆر و ڕێبازی توێژینەوە:** لە ڕووی جۆرەوە وەسفییە و لە ڕووی ڕێبازیش؛ توێژینەوەیەکی ڕووپێوکارییە.

**سنوری توێژینەوە:** کاتی توێژینەوەکە بەهاری (2025) دەگرێتەوە و سنوری شوێنیش پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

**کۆمەڵ و نموونەی توێژینەوە:** مامۆستایانی پسپۆری ڕاگەیاندن لە ناوەندە زانستیی و پەروەردەییەکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە. نموونەی توێژینەوەکەش؛ بژاردەیەك لە ئەکادیمیانی بواری میدیا دەگرێتەوە، کە ڕێژەکەیان لە (84) ئەکادیمی لە هەردوو ڕەگەز پێکهاتووە.

**زاراوەکانی توێژینەوە:** لە کۆمەڵێك وشەی سەرەکی پێکهاتووە و توێژەر بەشێوەی کارەکی پو لە بەر ڕۆشنایی سەرچاوەکان و ئەزموون و تێگەیشتنی خۆی لە بابەتەکە لە کۆمەڵێك وشەی سەرەکی پێکهاتووە و توێژەر بەشێوەی کارەکی پو لە بەر ڕۆشنایی سەرچاوەکان و ئەزموون و تێگەیشتنی خۆی لە بابەتەکە پێناسەی کردوون:

1. ڕۆڵ: بریتییە لەو ئەرکانەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك لە بواری بازاڕسازیی گەشتیارییدا بەرجەستەی دەکات.
2. فەیسبووك: تۆڕێکی کۆمەڵایەتیی جیهانییە و پشت بە تۆڕی ئینتەرنێت بۆ بەکارهێنان دەبەستێت و بەهۆی خزمەتگوزاریی و تایبەتمەندیەکانی لە زۆر بوار و کایەی ژیان کەڵکی لێوەردەگیرێت، لەوانەش بازاڕسازیی لە بواری گەشتیارییدا.
3. بازاڕسازیی: بریتییە لە پرۆسەی دیاریکردنی ئارەزوو و ویستی کڕیار و کارکردن بۆ ئامادەکردن و بەردەستخستنی ئەو پێداویستیانە.
4. بازاڕسازیی گەشتیاریی ناوخۆیی: لە کۆمەڵێك ستراتیژی بازاڕسازیی پێکهاتووە لەڕێگەیەوە کۆمپانیاکان ڕیکلام بۆ خزمەتگوزاریی و بەرهەمە گەشتیارییەکانی ناوخۆی دەوڵەت یاخوود ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو دەکەن، بەوچەشنەی گەشتیار بۆ گەشتکردن بەرەو ئەو ناوچەیە هانبدەن. لێرەدا لە خواستی گەشتیاریی ناوخۆیی و بیانی و پڕکردنەوەی لەلایەن کۆمپانیا و ناوەندە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان کورت دەبێتەوە.

## تەوەری دووەم: فەیسبووك و تایبەتمەندییەكانی

فەیسبووک گەشتەکەی، وەک پرۆژەیەکی بچوکی خوێندکاریی دەستیپێکرد، بەڵام بەدرێژایی ساڵان ڕۆڵێکی گەورەی لە ژیانی ڕۆژانەماندا هەبووە، جگە لە دارشتنی جیۆپۆلەتیکی جیهانی. لەخوارەوە چەند خاڵێکی سەرەکی لە دەرکەوتن و گەشەی تۆڕەکە دەخەینەڕوو: (نیرنجان، أجیت، موقع DW، نیسان 2025)

- چیرۆکی فەیسبووک بە ماڵپەڕێکی سادە دەستیپێکرد بە ناوی (**Face mash**)، وەک کاتبەسەربردنێک لەنێو خوێندکاراندا بەکارهێنرا بۆ هەڵسەنگاندنی جوانی بە سەرنجراکێش یاخوود نا لە بەشەناوخۆییەکانی زانکۆی هارڤارد لە ساڵی (2003)، بەڵام بە خێرایی پەرەیسەند و بوو بە فۆرمێکی هاوشێوەی فۆرمی ئێستای: (**Thefacebook.com**). سەرەتا ئەم تۆڕە پلاتفۆرمی تۆڕەکۆمەڵایەتییە ئۆنلاینەکان بوو، کە تەنها بۆ خوێندکارانی زانکۆی هارڤارد بەردەست بوو. زۆری نەخایاند لە زانکۆکانی تریشدا بڵاوبووەوە، لە قوتابخانە ئامادەییەکانیشدا دەرکەوت، دواتر گەیشتە دەستی خەڵکی گشتی و لەوێ تایبەتمەندی نوێی بەدەستهێنا.
- لە کۆتایی ساڵی (2004) نزیکەی یەک ملیۆن بەکارهێنەری تۆمارکراوی هەبوو. تا ساڵی (2008)، (100) ملیۆنی هەبوو، دوای چوار ساڵ، ملیارێکی تێپەڕاندبوو. ئێستا نزیکەی سێ ملیار بەکارهێنەر دەبێت، بەوپێیەش فەیسبووک بەشێکە لە ژیانی زیاتر لە چارەکێکی دانیشتوانی جیهان.
- فەیسبووک لەلایەن مارك زوگەبێرگ بەڕێوەبەری جێبەجێکارەوە بەڕێوەدەبرێت، لەگەڵ شێریل ساندبێرگ بەرپرسی سەرەکی کارگێڕیی و کۆمەڵێك بازرگان، کە پێشینەی تەکنیکییان هەیە. کۆمپانیاکە نزیکەی (25) هەزار کارمەندی لە دەیان وڵاتی جیهاندا هەیە.
- فەیسبووک بانگەشە دەکات، کە ئامانجەکەی ئەوەیە جیهان کراوەتر و شەفافتر بکات. بۆ بەدەستهێنانی ئەوەش؛ سێ بنەمای بنەڕەتی لە کۆمپانیاکەدا هەیە: یاسا، تەکنەلۆژیا و پەرەسەندنی نۆرمەکانی کۆمەڵایەتیی. دامەزرێنەری فەیسبووك، دەڵێت: جیهان لە دڵەڕاوکێ و دابەشبووندایە، فەیسبووک کاری زۆری هەیە، جا پاراستنی کۆمەڵگەکەمان بێت لە خراپبەکارهێنان و رق، بەرگریکردن بێت لە دەستوەردانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان، یان دڵنیابوون لەوەی، کە بەسەربردنی کات لە فەیسبووک کات بەفیڕۆدان نییە.

فەیسبووك: تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە، ڕێگە بە ئەندامێتی بێبەرامبەر دەدات و لەلایەن کۆمپانیای میتا خاوەندارییەتی دەکرێت. (عبد الحمید، صلاح محمد، 2012، 206)

فەیسبووك لەسەر بنەمای ئاڵوگۆری بیرورا و بیرۆکە و توخمەکانی ناوەڕۆک: (دەق - وێنە - فایلە ڤیدیۆییەکان و هتد) کار دەکات. هەر بەکارهێنەرێک لاپەڕەی تایبەتی خۆی هەیە، لە ڕێگەی ئەم تۆڕەوە دەتوانیت هاوڕێیەتی بکەیت و نامە بنێریت و گرووپی جۆراوجۆر بانگهێشت بکەیت و پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێیان بکەیت. هەروەها ماڵپەڕێکی سەرەکی هەیە، کە هەموو هاوڕێکانت کۆدەکاتەوە و ڕاستەوخۆ سەرنج و چالاکییەکانیان بڵاودەکاتەوە، هەموو بەشداربووان دەتوانن تێچین و بەشداریی بکەن. (نصیف، بسمة شوقي، 2011، 7)

هەروەها فەیسبووک بە ماڵپەڕێکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت، کە ڕێگە بە تاك و کۆمپانیاکان و ڕێکخراوەکان دەدات لە ڕێگەیەوە گرنگی بە کار و چالاکییەکانی خۆیان بدەن و پەیوەندی لەگەڵ یەکدی بگرن. (مقدادي، خالد غسان،2010، 35)

فەیسبووك چەندین بەکارهێنانی هەیە و بۆ چەندین بوار و مەبەست بەکاردەهێنرێت: بواری فێرکردن، بواری گەیاندنی هەواڵ، بواری بازاڕسازیی. ئیدی ئەو بازاڕسازییە لە هەر بوارێکی دیاریکراودا بێت. (الشاعر، عبدالرحمن إبن إبراهیم ، 2015، 68)، هەندێکیش لە بەکارهێنەران بۆ دروستکردنی هاوڕێی نوێ و نوێکردنەوەی هاوڕێیەتییە دێرینەکان لەگەڵ زانینی دەنگوباسیان و دەربڕینی پشتگیریی سۆزداریی و کۆمەڵایەتیی بەکاریدەهێنن. ئەوە سەرباری ئەوەی بۆ گرنگیدان بە کاری هەرەوەزی لە قوتابخانە و زانکۆکان و وەرگرتنی ئەزموون لەیەکدی و ئاگاداربوون لە کۆمەڵگەی دەرەوەش بەکاردەهێنرێت. (Ellison, Lampe, C, Stein field,2008,434)

سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی تۆڕەکەش: ژمارەی بەکارهێنەرانی ئێجگار زۆرە، دەتوانن بابەت بڵاوبکەنەوە و تێچین بنووسن و بە کاریگەریی کارلێککردن ناسراوە، ئازادی بە بەکارهێنەر دەدات ناسنامەی ڕاستەقینە بێت یاخوود نهێنی، بەکارهێنەر لەگەڵ ئەوەی دەتوانێت تێچین بنووسێت، ڕاستەوخۆ دەتوانێت فیدباکی بەرامبەریش وەربگرێتەوە، چەندین ڕێگە بۆ پەیوەندی لەنێوان بەکارهێنەران لە تۆڕەکەدا بەردەستە، دەتوانرێت تێکست، وێنە و ڤیدیۆ و لینکی ئەلیکترۆنی بڵاوبکرێتەوە، بەردەوام نوێدەبێتەوە و دەتوانرێت هەرکات بوویسترێت دەستکاریی بڵاوکراوەکانی بکرێت و گۆڕانکارییان تێدا ئەنجام بدرێت. هەروەها دەیان زمان بەردەستن، لەگەڵ چەندین یاری ئەلیکترۆنیی.

**تایبەتمەندییەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك**

**دۆسیەی کەسی (Profile):** کاتێک ناوت تۆمار دەکەیت بۆ ماڵپەڕێک، پێویستە پرۆفایلێک دروستبکەیت، کە زانیارییە کەسییەکانت لەخۆ بگرێت، وەک: ناو، تەمەن، ڕێککەوتی لەدایکبوون و وڵات، بۆ ئەوەی کەسانی دیکە ئاسانتر بتوانن بگەنە دەستت.

**زیادکردنی هاوڕێ :(Add friend)** ئەمە خزمەتگوزارییەکە، کە تاک دەتوانێت پەیوەندی بە هاوڕێی ڕاستەقینە یان کەسانی کۆمەڵگەی گریمانەییەوە بکات و پەیوەندییەکەی لەگەڵیان درێژ بکاتەوە. بەمشێوەیە فەیسبووک دەرفەتی ناسینی هاوڕێیان و فۆڵۆوکردنیان دوای ڕەزامەندییان دەرەخسێنێت.(فضل الله، وائل مبارك خضر، 2012، 11)

**دروستکردنی گرووپ (Groups):** ئەم تایبەتمەندییە ڕێگەت پێدەدات کۆمەڵگەیەکی ئۆنلاین دروستبکەیت، کە ڕێگە بە خێزان، هاوڕێ، یان هەموو ئەندامانی ماڵپەڕەکە دەدات پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی چات و وێنە و زانیاریی لەگەڵ یەکدا بکەن.

**ئەلبوومی وێنە (Photos):** ئەم خزمەتگوزارییە ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات ژمارەیەکی بێسنوور لە ئەلبوومی وێنە دروستبکەن و سەدان وێنە بار بکەن و ببینن و لە ئامێرەکانەوە بیگوازنەوە بۆ تۆڕەکە و نمایشی بکەن.

**دۆخ (Statue):** ئەمەش ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات هاوڕێکانیان لە شوێنەکانیان ئاگادار بکەنەوە و لە ئێستادا چی دەکەن.

**لاپەڕەکان (Pages):** ئەم بیرۆکەیە لە لایەن فەیسبووکەوە داهێنراوە و بە شێوەیەکی کاریگەر لە بواری بازرگانی بەکارهاتووە. ئەم خزمەتگوزارییە ڕێگە بە دروستکردنی کەمپەینی ڕیکلام دەدات، کە دەرفەت دەدات بە خاوەنکارەکان بۆ نمایشکردنی بەرهەمەکانیان لە فەیسبووک. (العجال، عدالة، كريمة، حلام، 2015، 4)

**چیرۆک (Story):** خزمەتگوزارییەکە ڕێگە بە بەکارهێنەرانی فەیسبووک دەدات پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکە بکات و لەگەڵ یەکدی کارلێك بکەن لە ڕێگەی داگرتنی وێنە یان ڤیدیۆ و ناوەڕۆکەکەیان تەنها بۆ یەک ڕۆژ سەیر دەکرێت، دوای ئەوە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی نامێنێت.

**هێڵی کاتی (Timeline):** تۆمارێکی کەسییە لە هەموو ئەو شتانەی، کە بەکارهێنەر هاوبەشی کردووە و بڵاوی کردووەتەوە، جگە لەو پۆستانەی، کە بەکارهێنەر کارلێکی لەگەڵدا کردووە. لێرەدا ناتوانرێت نوێترین پۆستی هاوڕێیان ببینرێت.

لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک ڕێگە بە بەکارهێنەر دەدرێت هاوڕێیەتی ببەستێت و یارمەتیان دەدات زانیاری و فایل و وێنەی کەسی و ڤیدیۆ کلیپ لەگەڵ یەکدی ئاڵوگۆڕ بکەن و کۆمێنتیان لەسەر بکەن و گفتوگۆی خێرا یان چاتکردنیان هەیە. هەروەها فەیسبووك بەشدارە لە دروستبوونی پەیوەندی نێوان ئەندامەکانی لە ماوەیەکی کورتدا. گفتوگۆکە دەتوانێت یان یەک بە یەک بێت یان لە گرووپێکدا.

## تەوەری سێیەم: بازاڕسازیی گەشتیاری

زاراوەیەکە زیاتر هێمایە بۆ ڕێکارەکان لە بواری بازرگانی و ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو. دەشێت ئەو جێگەیە شارێك، وڵاتێك، پێگەیەکی شوێنەواریی یان ڕوویەکی گەشتیاریی یان شوێنێکی مانەوە بێت. بەجۆرێك ئەو ناوچە گەشتیارییە تایبەتمەندییەکی وەهای هەبێت بتوانێت گەشتیار بۆ گەشتکردن بۆ ناوچەیەکی نوێ و هاوشێوەش هانبدات.

پسپۆران پێناسەی جۆربەجۆریان بۆ بازاڕسازیی گەشتیاریی کردووە. هەندێك پێیانوایە: بریتییە لە جێبەجێکردنی گشتیانە و هەماهەنگیکارانەی سیاسەتی کار لەلایەن پرۆژە گەشتیارییەکان، تایبەت بن یاخوود گشتیی لەسەر ئاستی ناوخۆیی بن یاخوود ناوچەیی و نێودەوڵەتیی، بە ئامانجی بەدیهێنانی ڕەزامەندی تێربوون لەلای کۆمەڵەیەکی دیاریکراو و بە بەدەستهاتوویەکی دارایی شیاو. هەروەها پێناسە دەکرێت بەوەی: چالاکییەکی کارگێڕیی و هونەرییە، ڕێکخراوەکان و دامەزراوە گەستیارییەکان لە ناوخۆی وڵات و دەرەوەی ئەنجامی دەدەن لەپێناو دروستکردنی بازاڕێکی گەشتیاریی نزیککرد و ناساندنی، بە ئامانجی پەرەپێدان و زیادکردنی جوڵەی گەشتیاریی لە داهاتوو تیایدا و هێنانەدی بنەمای پێکەوەگونجان لەنێوان کاڵای گەشتیاریی لەلایەك و ئارەزوو و پاڵنەری گەشتیار و ئەوانەی لە بازاڕی گەشتیارییدان لەلایەکی دیکە. (همال، فاطمة، برسولي، فوزية، 2022، 1058)

هەندێکی دیکەش پێناسەی دەکەن بەوەی، کە چالاکییەکی گشتگیر و تەواوکارییە و هەموو ئەو هەوڵانە لەخۆدەگرێت، کە دراون بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ئوتێلە ناوخۆییەکان و سەردانی ناوچە گەشتیارییە جیهانییەکان، هەوڵەکانیش لە ئامادەکردنی بەرنامەی گەشتیاریی دەستپێدەکات تادەگات بە ئیمزاکردنی گرێبەست لەگەڵ گەشتیاران بۆ بەجێهێنانی بەرنامەی گەشتەکانیان.(حنفي، لمياء السيد، الشرقاوي، فتحي محمد، 2008، 83)

### بنەماکانی بازاڕسازیی گەشتیاریی

بەشێوەیەکی گشتیی چەند بنەمای سەرەکی هەن: (عشي صميحة، 2005، 36)

- بازاڕسازیی گەشتیاریی، لەیەککاتدا؛ پرۆسەیەکی کارگێڕیی و هونەرییە، چونە لە ڕووی کارگێڕییەوە پێویستی بە پلانداناں و ڕێکخستن و ئاراستەکردنی کارمەندان بۆ پێشکەشکردنی جوانترین شێوازی کارکردن و هەماهەنگیکردن لەنێوان خۆیان و لەگەڵ گەشتیاران هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەخشە بۆکێشراوەکان. هەروەها چاودێری هەوڵەکانی بازاڕسازیی، لە لایەنی هونەرییش؛ ڕێباز و شێوازی بەکارهاتوو لە پرۆسەی بازاڕسازییەکە دەگرێتەوە.
- چالاکییەکی هاوبەشی نێوان دەستە جیاجیاکان و چەندین دامەزراوەی گەشتیاریی جیاجیایە، وەك کۆمپانیاکانی گواستنەوەی گەشتیاریی، ئوتێلەکان، بانکەکان و کۆمپانیاکانی گەشتیاریی.
- چالاکییەکی فرە ڕەهەندە، پشت بە کاری بازاڕسازیی لە دەرەوە بەتەنها دەبەستێت، بەڵام لە پلەی یەکەم کانگە سەرەکییەکەی لە ناوخۆی هەر وڵاتێکدایە و پاڵپشتی دەکرێت، پێداویستییەکانی سەرکەوتنی بۆ فەراهەم دەکرێت بەتایبەت لە ڕووی توانا ماددی و مرۆییەکان.

هەندێك بنەمای دیکەش هەن، وەها پێویست دەکات بازاڕسازیی گەشتیاریی لەخۆی بگرێت: (إلياس، سراب، 2002، 11)

- دیاریکردنی ئەو گرووپە گەشتیارییانەی، کە چاوەڕوان دەکرێت لە ڕێگەی نووسینگە گەشتیارییەکان لەو ناوچانەی گەشتیاران سەردانی دەکەن، پەیوەندییان پێوە بکرێت، چاوەڕوانی هەبوونی داواکاریی جیایا لەلای ئەندامەکانیان دەکرێت.
- دروستکردنی دیدێکی ورد و ڕوون بۆ گرووپە گەشتیارییەکان دەربارەی ئەو بوارانەی، کە بۆ بازاڕکردن پێویستن.

- دەستنیشانکردن و پاراستنی نووسینگە گەشتیارییە ناوخۆیی، هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان و هەماهەنگیکردن لەگەڵ ئەو نووسینگانە بۆ پێشوازییکردن لە گرووپە گەشتیارییەکان.
- دیاریکردنی ئەو دامەزراوە گەشتیاریانەی، کە توانای ڕاکێشانی ئەو گرووپانەیان هەیە، بە هاوکاریی و هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگە گەشتیارییەکان.
- ئەنجامدانی هەموو ئەو چالاکییانەی، کە دەبنەهۆی تێرکردنی پێداویستی و خواستەکانی گرووپە گەشتیارییەکان، وەک ئاسانکاریی جوڵە لە ڕێگەی هەمەچەشنکردنی ئامرازەکانی گواستنەوە، ئاسانکاریی بۆ پێدانی ڤیزەی گەشت، دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و هتد.
- فەراهەمکردنی ژێرخانی گونجاو لە بواری گواستنەوە و پەیوەندییکردن.
- دەستەبەرکردنی چوارچێوەیەکی یاسایی لە ناوخۆ و دەرەوە بۆ بواری گەشتیاریی و هەبوونی سیستەمێکی تەکنەلۆژی و زانیاریی نوێ لەگەڵ فەراهەمکردنی پێداویستییەکانی مامەڵەی ئەلیکترۆنی و ژینگەیەکی یارمەتیدەر بۆ پێشوازی لە گەشیارە ناوخۆیی و بیانییەکان. (مقراني، الطيب، زحالي، رشيد، 2024، 225-226)

**ئامانجەکانی بازاڕسازیی گەشتیاریی**

دەتوانین ئامانجی بازاڕسازیی گەشتیاریی لە چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە: (كردي، أحمد السيد، موقع كنانة أونلاين، آذار 2025)

**ڕەزامەندی گەشتیار:** ئامانجی سەرەکی جێبەجێکردنی بنەماکانی بازاڕسازیی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گەشتیارییدا ڕازیکردنی گەشتیارە. ئەمەش لە ڕێگەی پرۆسەی بەبازاڕکردنی ڕێکخراو ئەنجام دەدرێت، گەشتیاران خزمەتگوزاریی گونجاو بە نرخی کێبڕکێ لە کاتی گونجاو و بە شێوەیەکی دڵخۆشکەر وەردەگرن و خزمەتگوزارییەکان بە باشی لەگەڵ چاوەڕوانی و ڕەزامەندی گەشتیاراندا دەگونجێت.

**باشترین بەکاربردنی سەرچاوەکان:** پێشبینییکردنی چاوەڕوانییەکانی گەشتیار ڕێگەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی کۆمپانیاکان بتوانن سەرچاوەکانیان بە باشترین شێوە بەکاربەبەن و خستنەڕووی گەشتیاریی خۆیان بەپێی خواستی گەشتیاران بکەن. ئەو کارەش پێویستی بە کۆنترۆڵکردنی پاشەڕۆکان و ماددە بەسەرچاوەکان هەیە. هەروەها کۆمپانیا گەشتیارییەکان هەوڵدەدەن زۆرترین سەرچاوەی بەردەست بخەن لەگەڵ نواندنی نەرمی لە دابینکردنی پێداویستی و داوکاریی گەشتیارە ناوخۆیی و جیهانییەکان. لەگەڵ ئەوەش هەڵسەنگاندنی چاوەڕووانییەکانی گەشتیاران وەها دەکات کۆمپانیاکان بتوانن سەرچاوەکانیان و دابینکارییە گەشتیارییەکانیان بە گوێرەی خواستی ئەوان بەڕێوەببەن، ئەوەش وەها دەکات سەرچاوە بەردەستەکان بە باشی بەکاربهێنرێن.

**گەیشتن بە قازانج:** بە ئامانجێکی درێژخایەن دادەنرێت. بەوپێیەی کار و فراوانکردنی قەبارەی بازاڕ و پێدانی وێنایەکی باش بە دامەزراوەی گەشتیاریی کردەگەلێکی ئابوورییانەن و هەموویان ڕێکاری پێویستن بۆ بەدەستهێنانی قازانج. لێرەدا پێویست دەکات دامەزراوە گەشتیارییەکان بەپێی پلانی ڕێکخراو کاربکەن، تاوەکوو گەشتیاران بەشێوەیەکی بەردەوام لەگەڵیان بمێننەوە و دانەبڕێن لێیان، بێگومان ئەوەش هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ بەدەستهێنانی قازانج.

**باشکردنی هزرە وێنە:** ئامانجی بازاڕسازیی گەشتیاریی بریتییە لە یارمەتیدانی دامەزراوەی گەشتیاریی بۆ پێشکەشکردنی وێنەیەکی ڕوونی ئەو ناوچە گەشتیارییەی بازاڕسازیی بۆ دەکات، هەر ئەوەش هۆکارێکی کاریگەرە بۆ دروستکردن وێنای ئەو بازارە، لە لای گەشتیاران.

**سەرکەوتن لە کێبڕکێ:** لەئێستادا کێبڕکێ لە پێشوو چڕتر و کاریگەرتر بووە، کۆمپانیاکانی بواری بازاڕسازیی گەشتیاریی پێویستیان بە ستراتیژیەتی گونجاو هەیە، تاوەکوو بتوانن ئامانجەکانیان بەدەستبهێنن. کێبڕکێ لە بواری گەشتیاریی وەها دەکات کۆمپانیاکان خستنەڕوو و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکانیان لە پێگەیەکی پێشەنگدا بێت، بەوەش هەر کۆمپانیایەك بەرەو کێبڕکێ و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی باشتر هان دەدرێت و کێبڕکێی گەشتیاریی لە نێوانیان دێتە کایەوە. ئەو کۆمپانیایەی دەتوانێت باشترین خزمەتگوزاریی پێشکەش بە گەشتیاران دەکات، دەبێت بە پێشەنگ لەلای گەشتیاران.

**گرنگی بازاڕسازیی گەشتیاریی**

بازاڕسازیی گەشتیاریی بووەتە پێویست بۆ: (مزيان، حمزة، 2021-2022، 14-15)

- تێرکردنی ئارەزووی گەشتیاران و سەردانکەران.
- بەبازاڕکردنی بەرهەمە گەشتیارییەکان بە شێوەیەکی پێشوازیلێکراو.
- ناساندنی بەرهەمی نوێی گەشتیاریی و پێدانی هەموو زانیارییە پێویستەکان.
- کۆنترۆڵکردنی بازارە جیهانییەکان لە ڕێگەی دۆزینەوەی دەرفەتی بازاڕسازیی لەو بازاڕانەدا.
- ڕووبەڕووبوونەوەی کێبڕکێی کۆمپانیا بیانییەکان یان فرەنەتەوەییەکان لە چوارچێوەی بازارە نیشتمانییەکاندا.
- ڕەخساندنی دەرفەتی کارکردن، بەو پێیەی بوونی چالاکیی بازاڕسازیی لە کۆمپانیا و دامەزراوە گەشتیارییەکان پێویستی بە کارمەند هەیە.
- جگە لە ئەرکەکانی تری، وەک: شیکردنەوە و پێشبینیکردن، توێژینەوەکانی بازار، پەرەپێدان و دابەشکردنی بەرهەمە گەشتیارییەکان، کاریگەرییدانان لەسەر خواست لە ڕێگەی دیزاین و ڕیکلام و بانگەشە..هتد.

**ئامرازە میدیاییە بەکارهاتووەکان لە بازاڕسازیی گەشتیارییدا**

ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن، کە لە بازاڕسازیی گەشتیاریی پشتیان پێدەبەسترێت جۆراوجۆرن. هەر قۆناغە و بەپێی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن و بواری گەشتیاریی ڕادەی پشتبەستن بە هەریەك لە ئامرازەکانیش گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە.

ئامرازە بیستراو و بینراوەکان، بە گشتی لە تەلەفزیۆن (الأمين، مرتضي البشير،2016، 133)، ڕادیۆ (الراجي، محمد محمد، 2015، 250)، کۆنفرانس و دیدارە گەشتیارییەکان (إيمان، العملي،2016-2017، 267) کورتدەبێتەوە.

ئامرازە چاپکراوەکانیش لە ڕۆژنامەکان (محمد، خطاب، 2016، 54) و گۆڤارەکان (عدلي، عصمت والآخرون، 2011، 250) پێکهاتووە.

هەرچی ئامرازە بینراوەکانیش پێکهاتوون لە ڕیکلامە ڕووناکییدارەکان و پێشانگە گەشتیارییەکان. (الحربي، هباس بن رجاء، السهلي، سعود السيف، 2011، 85)

ئامرازە نوێیە بەکارهاتووەکانی بواری بازاڕسازیی گەشتیارییش بریتیین لە: سیستەمی تۆمارکردنی ئەلیکترۆنی (ملكاوي، نازم محمود، 2016، 185)، پۆستەی ئەلیکترۆنی(Cabezudo، R & Izquierdo، C, 2012, 97-112)، یانە ئەلیکترۆنییەکان(عبد اللطيف، مصطفى، اليوسفي، علي فاضل، موقع جامعة كربلاء، آذار 2025)، پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان (وسيم، جاهمي، أنور، زعيمن، 2021، 45)، مۆبایل و پەیوەندی تەلەفۆنی. (عطية، عبير والآخرون،2012، 1)

## ڕۆڵی فەیسبووك لە بواری بازاڕسازیی گەشتیارییدا

پێگە ئینتەرنێتیەکان لە گرنگترین ئامرازە بەکارهاتووەکان بۆ بازاڕسازیی گەشتیاریی دادەنرێن، توانایەکی بەرفراوانیان بۆ گەیشتن بە بازاڕە گەشتیارییە جیاوازەکان بە کەمترین هەوڵ و تێچوون هەیە، ئەوە سەرباری ئەوەی شێوازگەلی زۆریان بۆ ئەو مەبەستە لەبەردەستدایە، کە سەرنجراکێش و کاریگەرن بۆ ڕاکێشانی زۆرترین بڕ لە گەشتیار، بەوەش بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بازاڕی ڕێکلامی گەشتیاریی لە پێگە ئینتەرنێتیەکان دەبوژێتەوە، هەر خۆشیان تەکنیکی بەردەستیان بۆ پێوانی ڕادەی کاریگەرییەکەیان و شوێنەواریی هەڵمەتەکانیان لەسەر گرووپە گەشتیارییەکان هەیە. (البطراوي، سها، 91،2016)

تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك، وەك یەکێك لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگی لە پێکهێنانی هزرەوێنەی باش لەلای جەماوەری گەشتیاران هەیە، بەتایبەت ئەو لاپەڕانەی لە ڕێگەی ڕێکخراوەکان و دەستە حکومییەکان بەجیاوازی کارەکانیان بەڕێوەدەبرێن، دەتوانین بڵێن: وەك پەنجەرەیەك دەبینرێت گەشتیار لە ڕێگەیەوە تەماشای ڕووداوەکان و پرسەکان دەکات. دەکرێت ئەو ئامرازە بە گرنگترین هۆکار لە پێکهێنانی وێنایەکی ویستراو و چاککردنەوەی هەر وێنایەکی نەرێنی و ڕاستکردنەوەی زانیاریی هەڵە و شێوێندراو لەبارەی ڕێکخراو و تاك و دەوڵەت لەبواری گەشتیاریی دابنرێن. بێگومان ناوەڕۆکی پەیامی ئامرازە میدیاییە جیهانییەکانیش ڕۆڵی بەرچاویان لە پێکهێنانی ئەو وێنا دروستە لەلای گەشتیاران هەیە. (عبد الخالق، نيفين،2017، 64) فەیسبووك بە یەکێك لە گرنگترین سەکۆکانی ڕاکێشانی سەرنجی تەواوی تەمەنە جیاوازەکان و دەستە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگە دادەنرێت، کە دەتوانن لە ڕێگەیەوە ئەزموونەکانی خۆیان بڵاوبکەنەوە، هەروەکچۆن پێگەیەکی چالاکیشە لە بواری گەشتوگوزار لە ڕێگەی ئەنجامدانی بازاڕسازیی تایبەت بە ئەو بوارە. (مكاوي، حسن محمد، 1،2015)

تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك توانای ئەوەی هەیە هۆشیاریی پێویست لەبارەی کەرتی گەشتیاریی بڵاو بکاتەوە، هەروەها ژمارەی گەشتیارە ناوخۆیی و بیانییەکان بۆ ناوچە گەشتیارییەکان زیاد بکات و لەگەڵ پەرەپێدان و زیادکردنی مەعریفە و زانیاریی گەشتیاریی لای گەشتیاران و لەگەڵ دروستکردنی متمانە و باوەڕپێهێنان لای گەشتیار بە سەرنجراکێشی ناوچە گەشتیارییەکان لە چوارچێوەی وڵاتێك لە لایەك و هاندانی کۆمپانیاکانی گەشتیاریی و دەستە و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت بە گەشتیارییش بۆ گرنگیدانی زیاتر بە بواری گەشتیاریی. (عبد العزيز، أسامة، 2013، 40-44)

تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك ئامرازێکی گرنگە لە بواری گەشتیاریی و بەبازاڕکردنی ئەلیکترۆنییدا، بەو پێیەی بەشدارە لە گەیشتن بە کڕیارە ئەگەرییەکان و گەیاندنی پەیامێکی زانیارییدان پێیان بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانج، ئەمە جگە لەوەی گرنگییەکی زۆری هەیە لە بواری کاری ڕێکخراوە گەشتیارییەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر گەشتیاران و کۆمەڵگە. هەروەها پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان بازاڕسازیی گەشتیاریی و فەیسبووکدا هەیە، بەو پێیەی ئەو تۆڕە بزوێنەرێکە بۆ بەبازاڕکردنی گەشتیاریی و سەرنج دەخاتە سەر تایبەتمەندییەکانی ناوچەی گەشتیاریی و کۆکردنەوە و ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیار بەرەو لای. ئەوەندەش تێبینیمان کردووە کڕیاران سەرنجی زۆریان لەسەر خزمەتگوزارییەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك بەتایبەت لە ئاسانکاریی بەکارهێنان و چێژوەرگرتن لێی هەیە، ئەوەش وەهای کردووە تۆڕەکە بە ڕوونی کاریگەریی لەسەر هەڵوێستیان هەبێت. بەردەستبوون و ئاسانکاریی بەکارهێنانی لەڕێگەی ئامێرە زیرەکەکانیش، دیسان لە هۆکارە سەرنجراکێشەکان بۆ بەکارهێنانی تۆڕەکە لەلایەن گەشتیاران. (الصخني، محسن عبد الحسين مهدي والآخرون، 2019، 132)

هەر بەرهەمێکی میدیایی گەشتیارییش لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك بۆئەوەی بتوانێت کاریگەر بێت، پێویستی بەوە هەیە بەشێوەی پەسن ئامادەبکرێت، بەو مانایەی گەشتیار بباتە ناو ئەو شوێنە گەشتیارییەی باسی دەکات، هەروەها بەشێوەیەکی سەرنجراکێش ئامادە بکرێت و لە ڕێگەی تێکست و ئامادەکردن وەها بکات گەشتیار بەرەو سەردانی ئەو ناوچە گەشتیارییە کەمەندکێش بکات، کە قسەی لەبارەوە دەکات، لەگەڵ ئەوەش زانیارییەکان بەشێوەی زنجیرە و تەواوکاریی لەبارەی ناوچە گەشتیارییەکە بخرێتەڕوو و کاتێك گەشتیار تەماشای دەکات تەواوی زانیارییەکانی لەبارەیەوە دەستبکەوێت و هیچ پرسیارێکی گەشتیار بە بێ وەڵام جێنەهێڵدرێتەوە و هاوکات دەرهێنانێکی گونجاوی بۆ بکرێت و تێکست و وێنەی شیاو و شایستەی بۆ ئامادە بکرێت و قەبارەی وێنە و گۆشەی کامێرا و مۆنتاژ و بابەتە هونەریی و تەکنیکییەکان دیکەی بەرهەمهێنانی بابەتی میدیایی لەبەرچاوبگیرێن. (مخلوف، ماجدة عبد المنعم، 2012، 98-99)

لە قۆناغی ئێستادا بەتایبەت لە سەروبەندی بەردەستبوونی تۆڕی ئینتەرنێت و بڵاووبوونەوەی بەرچاوی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك، گەشتیار دەتوانێت دەستی بگات بە هەموو ئەو داتا و زانیارییانەی پێویستی پێیان هەیە لە بارەی بەرهەمە گەشتیارییەکان، ئیدی بەرنامە گەشتیارییەکان، وادەی گەشتی فڕۆکەوانی، تۆمارکردن لە ئوتێل و شوێنەکانی مانەوە، بڕینی بلیتی فڕۆکە، بەدەستهێنانی ڤیزەی گەشتیاریی و دۆزینەوەی شوێنەکانی بەکرێگرتنی ئۆتۆمبیل و چەندین خزمەتگوزاریی دیکەش، هەروەها گەشتیاران دەتوانن بە ئاسانی بەراوردی ناوچە گەشتیارییەکان و خزمەتگوزارییەکانیان بەیەکدی بکەن و گونجاوترین جێگە لە شوێنێکی دیاریکراوی گەشتیارییش هەڵبژێرن.

تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك کاریگەریی زۆر و فرەڕەهەندی لەسەر لایەنی بازاڕسازیی گەشتیاریی هەیە. دەکرێت لە سێ ڕەهەندی جیاوازەوە باسیان بکەین.

**یەکەم: کاریگەریی فەیسبووك لە لای کۆمپانیا گەشتیارییەکان:** (الصخني، محسن عبد الحسين مهدي، والآخرون، 2019، 143)

1. خێراکردنی دەرفەتی کڕین و فرۆشتن لە بازاڕی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی و بە سەرمایەیەکی کەم.
2. کۆمپانیاکان دەتوانن بە کەمترین بڕ لە سەرمایە دەستیان بەو کاڵا و شمەك و خزمەتگوزارییە گەشتیارییانە بگات لە زۆرترین وڵات و بە کەمترین تێچوون.
3. خێراکردنی کەناڵەکانی دابەشکردنی بازاڕسازیی بێسنوور.
4. کەمکردنەوەی تێچوون لە بواری هەڵگرتن، دابەشکردنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان بەشێوەی ئۆنلاین.
5. نرخی پەیوەندییکردن لە ڕێگەی تەلەفۆن بەرزە، بەڵام بەکارهێنانی فەیسبووك بۆ پەیوەندی تەلەفۆنی تێچوویەکی ئەوتۆی نییە.
6. یارمەتی ڕێکخراوە قەبارە گەورەکان دەدات کێبڕکێ لەگەڵ ڕێکخراوە گەورەکان بکەن.
7. دەبێت بە خاوەن تایبەتمەندییەکی گەورەتر لە بازاڕی دابەشکاریی کاری تایبەت و کەسیدا، کە بە (**Niche Market**) ناسراوە و بریتییە لەوەی، کە زۆربەی بەکارهێنەرانی تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە و هەر بەوهۆیەش ئەگەری کڕینی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکی دیاریکراویان هەیە.

**دووەم: کاریگەریی فەیسبووك لە لای گەشتیاران:** (الصخني، محسن عبد الحسين مهدي، والآخرون، 2019، 144)

1. بەردەستبوونی نموونەی زۆر بەنرخێکی هەرزان. گەشتیار دەتوانێت بە ئاسانی و لە ڕێگەی ئینتەرنێت پەیوەندی بە ڕێکخراو و کۆمپانیا گەشتیارییەکان بکات و دەستی بە خزمەتگوزارییەکانیان بگات.
2. پانتاییەکی زیاتر بە گەشتیار دەدات لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی کاڵا و شمەکەکان لە ڕووی جۆر و خواست.
3. بەکارهێنەر دەستی دەگات بە کاڵاکان زۆرجار بەو ژمنە دیزاین و کوالێتییەی دەیەوێت و بە نرخی کێبڕکێ.
4. دەکرێت مەزادخانەی ئەلیکترۆنی هەبێت و سوودی زۆری بۆ کڕیاران و فرۆشیاران هەبێت.
5. ڕێگە دەدات بە بەکارهێنەران تێکەڵ بە کۆمەڵگەی ئەلیکترۆنی دیکە بدەن و بیر و ئەزموونەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن.
6. گەشتیار دەتوانێت هەر بە ڕێگەی ئەلیکترۆنیی تەواوی زانیاریی لەبارەی نرخی تکت و ڤیزا و کاتی گەشتەکان وەربگرێت.
7. خزمەتگوزاریی گەشتیاریی بە ئاسانی گواستنەوە و ڕادەستکردنی ناسراوە بەتایبەت لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێت.

**سێیەم: کاریگەریی فەیسبووك لای کۆمەڵگە:** (الصخني، محسن عبد الحسين مهدي، والآخرون، 2019، 145)

1. دەکرێت گەشتیار لە ماڵەوە هەموو کارەکانی ڕاییبکات بەبێ ئەوەی هاتووچۆ و گواستنەوە بەکاربهێنێت و ئەنجام بدات، بەوەش وزەی زیاتری بۆ دەگەڕێتەوە، قەرەباڵخی ڕێگەوبانەکان کەم دەبێتەوە، ژینگە سەلامەت دەبێت.
2. ڕێگە بە هەندێك لە بازرگانەکان دەدات فرۆشتن بە نرخێکی هەرزانتر ئەنجام بدەن، بەوەش ئاستی بژێوی خەڵك بەرز دەبێتەوە.
3. ڕێگە بە خەڵکانی گووند و شوێنە دوورەدەستەکان بەتایبەت دەدات چێژ و خۆشی لە هەندێك خزمەتگوزاریی وەربگرن، کە لە ناوچەکانی خۆیان بەردەست نییە، هەروەها دەرفەتی خوێندن و پاراستنی تەندروستیان بەشێوەیەکی باشتر بۆ فەراهەم دەکات.
4. ئاسانی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، کەمکردنەوەی تێچووی دابەشکردن و زیادکردنی جۆری خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان.

**پێداویستییەکانی سەرکەوتنی بازاڕسازیی گەشتیاریی لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك:** (وسيم، جاهمي، أنور، زعيمن، 2021، 65-66)

1. فەراهەمکردنی ماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە کۆمپانیا گەشتیارییەکە، بۆئەوەی لە ڕێگەیەوە هەموو خزمەتگوزارییەکان بڵاو بکرێتەوە و هەر لەو ڕێگەیەش گەشتیاران بتوانن پەیوەندی لەگەڵ کۆمپانیا بگرن و زانیارییە پێویستەکان وەربگرن.
2. بەکارهێنانی باشترین شێواز و ڕێگە بۆ گەیشتن بە ماڵپەڕەکە لە تۆڕی ئینتەرنێت و بە ئاسانی دۆزینەوەی لە گەڕانەکان بەتایبەت لە گووگڵ.
3. وەرگرتنی پارە لە بەرامبەر کردنەوەی ماڵپەڕەکە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت سەردانی بکەن.
4. بەکارهێنانی ئامرازە بینراو و بیستراوەکان لە ماڵپەڕەکەدا، بۆ نموونە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ئەلیکترۆنیی.
5. کردنەوەی ئیمەیڵێکی ڕەسمی بەناوی کۆمپانیا و دانانی لە ماڵپەڕ و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك بۆئەوەی گەشتیاران و خوازیاران بتوانن لە ڕێگەیەوە پەیوەندی بگرن.

6. دانانی سیستەمێك بۆ تۆمارکردن لە تۆڕی ئینتەرنێت، زیاتر بۆ مەبەستی تۆمارکردن لە ئوتێل و بڕینی بلیتی گەشت.

**ئاڵەنگارییەکانی بەردەم بازاڕسازیی گەشتیاریی لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك**: (بن الولید، نهار خالد، 2019، 117)

1. سەختی دەستەبەرکردنی ژێرخانێکی گونجاو بۆ بازرگانی ئەلیکترۆنی.
2. قورسی دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی یاسایی بۆ بازاڕسازیی گەشتیاریی، کە نەرمی و شەفافییەتی تێدا بێت.
3. گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ پێشکەشکردنی ئەلیکترۆنی و پاراستنی لایەنی سەلامەتیەکەی.
4. دیاریکردنی چوارچێوەیەکی ڕوون بۆ دانپێدانان بە ئیمزای ئەلیکترۆنیی.
5. دانانی سیاسەت و ڕێساگەلێك بۆ پاراستنی مافی بەکاربەری ئەلیکترۆنیی.
6. هەژاریی لایەنی شارەزابوون لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر، مۆبایلی زیرەك و سیستەمی دیجیتاڵی بەشێوەی پێویست لەلای گەشتیار.
7. لاوازی متمانەی گەشتیاران بە مامەڵەی ئەلیکترۆنیی و پشتبەستنیان بە مامەڵە کلاسیکییەکان.

## تەوەری چوارەم: پراکتیکنامەی توێژینەوە

### (ڕۆڵی فەیسبووك لە بازاڕسازیی گەشتیاریی ناوخۆییدا – لە ڕووانگەی پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن)

لەم تەوەرەدا؛ لە ڕێگەی وەرگرتنی بۆچوونی (84) پسپۆڕی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی مەبەستدار، کە هەموویان مامۆستان لە بەشەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەگشتییەکان و بازاڕسازیی لە زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر – سلێمانی – دهۆك و هەڵەبجە) و بەشێکی دیکەشیان لە ناوەندە پەروەردەییەکان و دامەزراوە جۆربەجۆرەکانی دیکە کاردەکەن، هەوڵدراوە لە ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتیی لە بواری بازاڕسازیی بکۆڵدرێتەوە.

**تەوەری یەکەم: پرسیارە گشتییەکان**

بەپێی ئەنجامەکان زۆرینەی بەرتوێژان لە پسپۆڕانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان و ناوەندە پەروەردەییەکان و دامەزراوە جۆربەجۆرەکان لە ڕەگەزی (نێر)ن و تەمەنیان لەنێوان (42-47 ساڵ) و (48 ساڵ و زیاتر)ن. هەروەها پلەی یەکەمیان بڕوانامەکانیان (دکتۆرا)یە، سەبارەت بە پلەی زانستیشیان زۆربەیان پلەی زانستیی (مامۆستای یاریدەدەر) و (پرۆفیسۆری یاریدەدەر)یان هەیە و پسپۆڕی وردیشیان بریتییە لە (ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن). بڕوانە خشتەی (1).

خشتەی (1): زانیارییە گشتییەکان لەبارەی بەرتوێژان لە پسپۆڕانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان پیشان دەدات.

| زانیارییە گشتییەکانی بەرتوێژان | | دووبارە | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 72 | 85.7 | یەکەم |
| | مێ | 12 | 14.3 | دووەم |
| تەمەن | 24 – 29 ساڵ | - | - | چوارەم |
| | 30 – 35 ساڵ | 6 | 7.1 | سێیەم |
| | 36 – 41 ساڵ | 22 | 26.2 | دووەم |
| | 42 - 47 ساڵ | 28 | 33.3 | یەکەم – أ |
| | 48 ساڵ و زیاتر | 28 | 33.3 | یەکەم – ب |
| بڕوانامە | ماستەر | 34 | 40.5 | دووەم |
| | دکتۆرا | 50 | 59.5 | یەکەم |
| پلەی زانستیی | مامۆستای یاریدەدەر | 30 | 35.7 | یەکەم – أ |
| | مامۆستا | 16 | 19 | دووەم |
| | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 30 | 35.7 | یەکەم – ب |
| | پرۆفیسۆر | 8 | 9.5 | سێیەم |
| بواری پسپۆڕی ورد | میدیای چاپکراو | 22 | 26.2 | دووەم |
| | ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن | 38 | 45.2 | یەکەم |
| | میدیای نوێ | 14 | 16.7 | سێیەم |
| | پەیوەندییە گشتییەکان | 10 | 11.9 | چوارەم |

## تەوەری دووەم: ناوەڕۆکی فەیسبووك لە بواری بازاڕسازیی گەشتیاریی

تێبینی: دەتوانیت زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێریت.

بەپێی ئەنجامەکان لە خشتەی خوارەوە:

پلەی یەکەمی بەرتوێژان لە لە پسپۆڕانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان و ناوەندە پەروەردەییەکان و دامەزراوە جۆربەجۆرەکان بۆچوونیان وەهایە (ڕیکلام) گونجاوترین ژانرە بۆ بەرهەمهێنانی بابەتی فەیسبووك لە بواری بازاڕسازیی گەشتیاریی بەدوای ئەوەشدا؛ هەریەك لە ژانرەکانی: (ڕاپۆرت)، (هەواڵ)، (چاوپێکەوتن)، (بەدواداچوون)، (لێدوانی ڕۆژنامەنووسیی) و لە کۆتا پلەش هەریەك لە: (وتار) و (کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسیی) هاتووە. بڕوانە بڕگەی یەکەم لە خشتەی (2).

پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان بۆچوونیان لەبارەی تایبەتمەندی نووسینی ڕۆژنامەنووسیی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بۆ بازاڕسازیی گەشتیاریی وەهایە، کە لە پلەی یەکەم دەبێت: (کورت و پووخت) بێت پاشان بەدوای ئەوەش (سەرنجڕاکێشی)، (ڕوونی)، (بابەتیبوون)، (هەنووکەیی) و (وردیی)ی تێدا بێت. بڕوانەی بڕگەی دووەم لە خشتەی (2).

لەبارەی گونجاوی ناوەڕۆکی بەرهەمەکان لە تۆڕی فەیسبووک بۆ بازاڕسازیی گەشتیاریی، پسۆڕانی ڕاگەیاندن لە پلەی یەکەم بۆچوونیان وەهایە، کە: (کورتەڤیدیۆ) لە هەموو بەرهەمەکان گونجاویی و کاریگەریی زیاترە، پاشان ئاماژەیان بە ڕەگەزەکانی دیکەی، وەك: (تێکست و وێنە)، (گرافیك)، (وێنە)، (ئەنیمەیشن) و (تێکست) لە پلەکانی دواتر کردووە.

دەکرێت لە ئەنجامەکان بەوجۆرە تێبگەین: ڕیکلام کاریگەرترین ژانری بەکارهاتووە لە بواری بازارسازیی گەشتیاریی ناوخۆیی لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك، بەو مەرجەی ناوەڕۆکەکەی کورت و پووخت و کاریگەر بێت لەگەڵ ئەوەشدا؛ بەشێوەی کورتەڤیدیۆ بەرهەمهێت. بڕوانە بڕگەی سێیەم لە خشتەی (2).

خشتەی (2): بۆچوونی پسپۆڕانی ڕاگەیاندن لەبارەی ناوەڕۆکی بابەتی میدیایی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك بۆ بازاڕسازیی گەشتیاریی پیشان دەدات.

| ناوەڕۆکی فەیسبووك لە بواری بازارسازیی گەشتیاریی | | دووبارە | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1- گونجاوترین ژانر بۆ بەرهەمهێنانی بابەتی فەیسبووك لە بواری بازارسازیی گەشتیاریی | هەواڵ | 38 | 45.2 | سێیەم |
| | ڕاپۆرت | 42 | 50 | دووەم |
| | وتار | 2 | 2.4 | حەوتەم – أ |
| | چاوپێکەوتن | 30 | 35.7 | چوارەم |
| | بەدواداچوون | 12 | 14.3 | پێنجەم |
| | ڕیکلام | 68 | 81 | یەکەم |
| | لێدوانی ڕۆژنامەنووسیی | 8 | 9.5 | شەشەم |
| | کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسیی | 2 | 2.4 | حەوتەم - ب |
| 2- تایبەتمەندی نووسینی ڕۆژنامەنووسیی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك بۆ بازاڕسازیی گەشتیاریی | ڕوونی | 40 | 47.6 | سێیەم |
| | کورت و پووختی | 78 | 95.3 | یەکەم |
| | بابەتیبوون | 20 | 23.8 | چوارەم |
| | وردیی | 14 | 16.7 | شەشەم |
| | هەنووکەیی | 16 | 19 | پێنجەم |
| | سەرنجڕاکێشی | 66 | 78.6 | دووەم |
| 3- ناوەڕۆکی بەرهەمەکان لە تۆڕی فەیسبووك بۆ بازاڕسازیی گەشتیاریی | تێکست | 10 | 11.9 | شەشەم |
| | وێنە | 36 | 42.9 | چوارەم |
| | تێکست و وێنە | 52 | 64.3 | دووەم |
| | گرافیك | 42 | 50 | سێیەم |
| | ئەنیمەیشن | 34 | 40.5 | پێنجەم |
| | کورتەڤیدیۆ | 64 | 76.2 | یەکەم |

## تەوەری سێیەم: گرنگیی بەکارهێنانی فەیسبووك لە بازاڕسازیی گەشتیاریی

تێبینی: دەتوانیت زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێریت.

پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن لەبارەی گرنگیی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك لە بواری بازاڕسازیی گەشتیاریی لە هەرێمی کوردستاندا، ئاماژەیان بە چەند لایەنێك کردووە.

پلەی یەکەمی بەرتوێژان لە پسپۆڕانی ڕاگەیاندن بۆچوونیان وەهایە (دەبێتەهۆی هاندان بۆ گەشت و سەیران)، پاشان (ئاشناکردنی گەشتیار بە تایبەتمەندی ناوچە گەشتیارییەکان) و دواتریش (باشکردنی وێنای ناوچەگەشتیارییەکان لای گەشتیاران).

هەروەها لە پلەکانی دواتر هێمایان بۆ چەند گرنگییەکی تریش کردووە: (گەشتیار دەتوانێت بەراورد لەنێوان ئۆفەری کۆمپانیا جیاجیاکان بکات و باشترینیان هەڵبژێرێت)، (ئاسانکاریی دەستگەیشتن بە ئۆفەری تایبەت و داشکاندن لەلایەن کۆمپانیا گەشتیارییەکان)، (ئاسانکاریی لە پێدان و تۆمارکردن لە جێگە گەشتیارییەکان) و (ئەڵقەی پەیوەندی نێوان کۆمپانیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەهێز دەکات) لەگەڵ (وەها دەکات ئیدارەی کۆمپانیا گەشتیارییەکان سوود لە ئەزموون و زانیارییەکانی یەکدیی وەربگرن و لەگەڵ یەك ئاڵوگۆڕی بکەن).

دەردەکەوێت: گرنگی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك لە بواری بازاڕسازیی گەشتیاریی ناوخۆیی لە یەك لایەن و ڕەهەند کورتنابێتەوە، بەڵکوو گرنگی هەمەجۆری هەیە و هەر کۆمپانیایەك دەتوانێت بۆ ئەو لایەنەی بەپێویستی دەزانێت بۆ گەیشت بە ئامانجەکەی بەکاریبهێنێت. بڕوانە خشتەی (3).

خشتەی (3): بۆچوونی پسپۆرانی ڕاگەیاندن لەبارەی گرنگیی بەکارهێنانی فەیسبووك لە بازاڕسازیی گەشتیاریی پیشان دەدات.

| گرنگیی بەکارهێنانی فەیسبووك لە بازاڕسازیی گەشتیاریی | دووبارە | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| دەبێتەهۆی هاندان بۆ گەشت و سەیران. | 74 | 88.1 | یەکەم |
| ئاسانکاریی لە پێدان و تۆمارکردن لە جێگە گەشتیارییەکان. | 24 | 28.6 | شەشەم - أ |
| باشکردنی وێنای ناوچە گەشتیارییەکان لای گەشتیاران. | 50 | 59.5 | سێیەم |
| ئاسانکاریی دەستگەیشتن بە ئۆفەری تایبەت و داشکاندن لەلایەن کۆمپانیا گەشتیارییەکان. | 26 | 31 | پێنجەم |
| ئاشناکردنی گەشتیار بە تایبەتمەندی ناوچە گەشتیارییەکان. | 54 | 64.3 | دووەم |
| وەها دەکات ئیدارەی کۆمپانیا گەشتیارییەکان سوود لە ئەزموون و زانیارییەکانی یەکدیی وەربگرن و لەگەڵ یەك ئاڵوگۆڕی بکەن. | 12 | 14.3 | حەوتەم |
| ئەڵقەی پەیوەندی نێوان کۆمپانیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەهێز دەکات. | 24 | 28.6 | شەشەم- ب |
| گەشتیار دەتوانێت بەراورد لەنێوان ئۆفەری کۆمپانیا جیاجیاکان بکات و باشترینیان هەڵبژێرێت. | 42 | 50 | چوارەم |

## تەوەری چوارەم: پێداویستییەکانی سەرکەوتنی بازاڕسازیی گەشتیاریی لە ڕێگەی فەیسبووك

تێبینی: دەتوانێت زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێریت.

بەرتوێژان لە پسپۆرانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان و ناوەندە پەروەردەییەکان و دامەزراوە جۆربەجۆرەکانی هەرێمی کوردستان ئاماژەیان بە چەند پێداویستییەك بۆ سەرکەوتنی بازاڕسازیی گەشتیاریی لە ڕێگەی فەیسبووك کردووە.

پلەی یەکەمیان پێیانوایە دەستەبەرکردنی (بەکارهێنانی ئامرازە بینراو و بیستراوەکان لە ماڵپەڕەکەدا - ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ئەلیکترۆنیی) گرنگترین پێداویستی سەرکەوتنی بازاڕسازیی گەشتیارییە لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك، دوابەدوای ئەوەش (فەراهەمکردنی ماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە کۆمپانیا گەشتیارییەکان)، (بەکارهێنانی باشترین شێواز و ڕێگە بۆ گەیشتن بە ماڵپەڕەکە لە تۆڕی ئینتەرنێت)، (دانانی سیستەمێك بۆ تۆمارکردن لە تۆڕی ئینتەرنێت) و (کردنەوەی ئیمەیڵێکی ڕەسمی بەناوی کۆمپانیا و دانانی لە ماڵپەڕ و تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك) هاتوون.

بەپێی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان: کۆمپانیاکان بۆئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك لە بازاڕسازیی گەشتیاریی ناوخۆیی بەکاربهێنن، دەبێت پێشوەخت چەندین پێداویستی بنەڕەتی بۆ پرۆسەکە دەستەبەر بکەن، کە سەرجەمیان پێداویستی دیجیتاڵین هەر لە دامەزراندنی ماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنیی تا دەگات بە کردنەوەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی دیجیتاڵی لەسەر ماڵپەڕەکەیان.. هتد. ئەمەش ئەو مانایە دەدات: پرۆسەی بازاڕسازیی گەشتیاریی ناوخۆیی لە ڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت فەیسبووك پرسێکی هەڕەمەکی نییە و پێویستی بە بەرنامە و فەراهەمکردنی پێداویستی تایبەت هەیە. بڕوانەی خشتەی (4).

خشتەی (4): بۆچوونی بەرتوێژان لە پسپۆرانی ڕاگەیاندن لەبارەی پێداویستییەکانی سەرکەوتنی بازاڕسازیی گەشتیاریی لە ڕێگەی فەیسبووك پیشان دەدات.

| پێداویستییەکانی سەرکەوتنی بازاڕسازیی گەشتیاریی لە ڕێگەی فەیسبووك | دووبارە | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| فەراهەمکردنی ماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە کۆمپانیا گەشتیارییەکان. | 56 | 65.1 | دووەم |
| بەکارهێنانی باشترین شێواز و ڕێگە بۆ گەیشتن بە ماڵپەڕەکە لە تۆڕی ئینتەرنێت. | 40 | 46.5 | سێیەم |
| بەکارهێنانی ئامرازە بینراو و بیستراوەکان لە ماڵپەڕەکەدا (ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ئەلیکترۆنیی). | 62 | 72.1 | یەکەم |
| کردنەوەی ئیمەیڵێکی ڕەسمی بەناوی کۆمپانیا و دانانی لە ماڵپەڕ و تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك. | 22 | 25.6 | پێنجەم |
| دانانی سیستەمێك بۆ تۆمارکردن لە تۆڕی ئینتەرنێت. | 28 | 32.6 | چوارەم |

## تەوەری پێنجەم: ئاستەنگەکانی بەردەم فەیسبووك لە بازاڕسازیی گەشتیاریی

تێبینی: دەتوانێت زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێریت.

پسپۆرانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان و ناوەندە پەروەردەییەکان و دامەزراوە جۆربەجۆرەکانی هەرێمی کوردستان پێیانوایە چەندین ئاستەنگ لەبەردەم بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك بۆ بازاڕسازیی گەشتیاریی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

پسپۆران لە پلەی یەکەم ئاماژەیان بۆ (لاوازی مەعریفەی ئەلیکترۆنیی و تەکنەلۆجی لای گەشتیار)، پاشان (لاوازیی متمانەی گەشتیار بە مامەڵەی ئەلیکترۆنیی)، (لاوازی ژێرخانی تەکنەلۆجی لای کۆمپانیا گەشتیارییەکان) و (لاوازیی متمانە لەبارەی لاپەڕەی کۆمپانیاکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك) کردووە.

هەروەها بەرتوێژان لە پسپۆرانی ڕاگەیاندن هێمایان بە کۆمەڵێك ئاستەنگی دیکەش کردووە، لەوانە: (نرخەکان بەشێوەی خێرا دەگۆڕێت) و (هەبوونی لاپەڕەی وەهمی بەناوی کۆمپانیاکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك)، (ئاڵۆزیی زمانی بەکارهاتوو لە پەڕەی کۆمپانیاکان لە تۆڕی

کۆمەڵایەتیی فەیسبووك) و (نەبوونی یاسا و ڕێکاری پێویست بۆ پاراستنی مافی گەشتیار لە لاپەڕەی کۆمپانیا گەشتیارییەکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك)، (دووردرێژی هەنگاوەکان بۆ تۆمارکردن و پێشکەشکردنی کرێی گەشت)، (درووستبوونی ئاستەنگ لە پێشکەشکردنی پارەی پێدان) و (ترس لە نەبوونی پاراستنی زانیارییەکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك).

بەپێی ئەنجامەکان: پرۆسەی بازاڕسازیی گەشتیاریی ناوخۆیی لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك بێ گرفت نییە و ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە و پێویستی بەوە هەیە مەعریفەی گەشتیار لە بواری دیجیتاڵی و متمانەبوون بە مامەڵەی ئەلیکترۆنیی بەهێز بکرێت. لەگەڵ چەندین ئاستەنگی دیکەش، کە نەهێشتنیان پێویستی بەکاری کردەیی هەیە بەتایبەت کۆمپانیا گەشتیارییەکان و لایەنەپەیوەندیدارەکان. بڕوانە خشتەی (5).

خشتەی (5): ئاستەنگەکانی بەردەم بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك لە بواری بازاڕسازیی گەشتیاریی لە هەرێمی کوردستان پیشان دەدات لە ڕووانگەی بەرتوێژان لە پسپۆڕانی ڕاگەیاندن.

| ئاستەنگەکانی بەردەم فەیسبووك لە بازاڕسازیی گەشتیاریی | دووبارە | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| دووردرێژی هەنگاوەکان بۆ تۆمارکردن و پێشکەشکردنی کرێی گەشت. | 24 | 27.9 | شەشەم |
| لاوازی مەعریفەی ئەلیکترۆنیی و تەکنەلۆجی لای گەشتیار. | 54 | 62.8 | یەکەم |
| ئاڵۆزیی زمانی بەکارهاتوو لە پەڕەی کۆمپانیاکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك. | 26 | 30.2 | پێنجەم - أ |
| لاوازی ژێرخانی تەکنەلۆجی لای کۆمپانیا گەشتیارییەکان. | 34 | 39.5 | سێیەم - أ |
| نرخەکان بەشێوەی خێرا دەگۆڕێت. | 28 | 32.6 | چوارەم - أ |
| لاوازیی متمانە لەبارەی لاپەڕەی کۆمپانیاکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك. | 34 | 39.5 | سێیەم - ب |
| ترس لە نەبوونی پاراستنی زانیارییەکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك. | 12 | 14 | هەشتەم |
| درووستبوونی ئاستەنگ لە پێشکەشکردنی پارەی پێدان. | 18 | 20.9 | حەوتەم |
| هەبوونی لاپەڕەی وەهمی بەناوی کۆمپانیاکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك. | 28 | 32.6 | چوارەم - ب |
| لاوازیی متمانەی گەشتیار بە مامەڵەی ئەلیکترۆنیی. | 44 | 51.2 | دووەم |
| نەبوونی یاسا و ڕێکاری پێویست بۆ پاراستنی مافی گەشتیار لە لاپەڕەی کۆمپانیا گەشتیارییەکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك. | 26 | 30.2 | پێنجەم - ب |

## ئەنجامەکان

1. ژانری (ڕیکلام) گرنگترین و دیارترین هونەری ڕۆژنامەنووسییە بۆ بواری بەرهەمهێنانی بابەت و بەرنامە لەلایەن کۆمپانیاکانی بواری گەشتیاریی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك و بەمەبەستی بازاڕسازیی گەشتیاریی. لەپاش ئەویش هونەرەکانی: (ڕاپۆرت)، (هەواڵ)، (چاوپێکەوتن)، (بەدواداچوون)، (لێدوانی ڕۆژنامەنووسی) و لە کۆتا پلەش هەریەك لە: (وتار) و (کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسیی).
2. نووسین لە بواری بازاڕسازی گەشتیاریی لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك خاوەنی چەندین تایبەتمەندییە و دیارترینیان، بریتییە لەوەی (کورت و پووخت) بێت، دواتریش (سەرنجڕاکێشی)، (ڕوونی)، (بابەتیبوون)، (هەنووکەیی) و (وردیی) تێدا بێت.
3. (کورتە ڤیدیۆ) بە دیارترین و کاریگەرترین ئامرازی خستنەڕووی بابەت و بەرنامە بەرهەمهاتووەکان لە بواری بازاڕسازیی گەشتیاریی لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك دادەنرێت، بەدوای ئەوەش هەریەك لە: (تێکست و وێنە)، (گرافیك)، (وێنە)، (ئەنیمەیشن) و (تێکست).
4. گرنگیی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك لە بواری بازاڕسازیی گەشتیاریی لە چەندین لایەنەوە دەردەکەوێت، بەرچاوترینیان: (دەبێتەهۆی هاندان بۆ گەشت و سەیران)، هەروەها (ئاشناکردنی گەشتیار بە تایبەتمەندی ناوچە گەشتیارییەکان) و دواتریش (باشکردنی وێنای ناوچەگەشتیارییەکان لای گەشتیاران) لەگەڵ چەندین گرنگیی دیکەش. بڕوانە خشتەی (3).
5. بازاڕسازیی گەشتیاریی سەرکەوتووانە لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك پێویستی بە فەراهەمکردنی چەند پێداویستییەك هەیە، لەوانە: (بەکارهێنانی ئامرازە بینراو و بیستراوەکان لە ماڵپەڕەکەدا - ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ئەلیکترۆنیی)، دوابەدوای ئەوەش (فەراهەمکردنی ماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە کۆمپانیا گەشتیارییەکان)، (بەکارهێنانی باشترین شێواز و ڕێگە بۆ گەیشتن بە ماڵپەڕەکە لە تۆڕی ئینتەرنێت) و چەند پێداویستییەکی دیکەش. بڕوانە خشتەی (4).
6. ئەنجامدانی بازاڕسازیی گەشتیاریی لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك ڕووبەڕووی چەندین لەمپەر دەبێتەوە، دیارترینیان: (لاوازی مەعریفەی ئەلیکترۆنیی و تەکنەلۆجی لای گەشتیار)، پاشان (لاوازیی متمانەی گەشتیار بە مامەڵەی ئەلیکترۆنیی)، (لاوازی ژێرخانی تەکنەلۆجی لای کۆمپانیا گەشتیارییەکان) و (لاوازیی متمانە لەبارەی لاپەڕەی کۆمپانیاکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك) و کۆمەڵێك کۆسپ و ڕێگری دیکەش. بڕوانە خشتەی (5).

## پێشنیازەكان و ڕاسپاردەكان

1. کۆمپانیا گەشتیارییەکان لە بەرهەمهێنانی بابەت و بەرنامەکانیان بۆ بواری بازاڕسازیی گەشتیاریی ناوخۆیی لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك گرنگیی زیاتر بە ژانری (ڕێکلام) بدەن لەپاڵ ئەوەش (کورت و پووخت)ی لە بەرهەمهێنانیان لەبەرچاو بگرن.
2. گرنگە کۆمپانیا گەشتیارییەکان لە بەرهەمهێنانی زۆرترینی بابەت و بەرنامەکانیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك (کورتە ڤیدیۆ) بەکاربهێنن.
3. پێویستە کۆمپانیا گەشتیارییەکان بەهاوکاری دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت کار لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی مەعریفەی ئەلیکترۆنیی و تەکنەلۆجی لای گەشتیار بکەن و وەهاش بکەن متمانەی گەشتیار بە مامەڵەی ئەلیکترۆنیی لە هەرێمی کوردستان زیاتر بێت و دەستیش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بواری لاوازی ژێرخانی تەکنەلۆجی لای کۆمپانیا گەشتیارییەکان ببەن.
4. ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیی لە ئاستە جیاجیاکان بۆ ڕادەی کاریگەریی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك یان هەر تۆڕێکی دیکەی کۆمەڵایەتیی لە بواری گەشتیاریی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان.

### سەرچاوەكان

#### سەرچاوەكان بە زمانی عەرەبی


1. إلياس، سراب (2002)، تسويق الخدمات السياحية، دار المسيرة للنشر والتوزيـع، الأردن.
2. الأمين، مرتضي البشير (2016) ، وسائل الاتصال والترويج السياحي، أمواج للنشر والتوزيـع، ب.ط، عمان، الأردن.
3. البطراوي سها (2016)، إستخدام شبكة المعلومات (الإنترنت) كوسيلة إعلانية، رسالة دكتوراه، (غير منشورة)، (جامعة القاهرة: كلية الإعلام).
4. بن الوليد، نهار خالد (2019)، دور التسويق السياحي عبر مواقع التواصل الإجتماعي في تنشيط السياحة بالجزائر، مجلة المنتدى للدراسات والأبحاث الإقتصادية، المجلد 2، العدد 9.
5. الحربي، هباس بن رجاء (2011)، سعود السيف السهلي، الإعلام السياحي مفاهيمه وتطبيقاته، دار أسامة للنشر والتوزيـع، ط1، الأردن، عمان.
6. حنفي، لمياء السيد، الشرقاوي، فتحي محمد (2008) ، التسويق السياحي، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية – مصر.
7. الراجي، محمد محمد (2015)، دور وسائل الإعلام في تشكيل الرأي العام - دراسة حالة على الرأي العام النوعي المغربي، أطروحة دكتوراه، جامعة أم درمان الإسلامية، معهد بحوث ودراسات العالم الإسلامي، السودان.
8. الشاعر، عبدالرحمن إبن إبراهيم (2015)، موقع التواصل الإجتماعي والسلوك الإنساني، ط1، دار الصفاء للنشر والتوزيـع، الأردن.
9. الصخني، محسن عبد الحسين مهدي، والآخرون (2019)، مواقع التواصل الإجتماعي وأهميتها في التسويق السياحي، مجلة كلية السياحة والفنادق – ملحق العدد الخامس، يونيو (2019)، الخاص بالمؤتمر العلمي الثاني.
10. صميحة، عشي (2002) ، الآثار التنموية للسياحة - دراسة مقارنة بين الجزائر تونس والمغرب، جامعة باتنة.
11. عبد الحميد، صلاح محمد (2012)، الإعلام الجديد، طيبة للنشر والتوزيـع، ط1، القاهرة.
12. عبد الخالق، نيفين (2017)، العلاقات العامة والصورة الذهنية، عالم الكتب، ط 2، القاهرة.
13. عبد العزيز، أسامة (2013)، الإعلام السياحي والبيئي، مكتبة الأمل للنشر والتوزيـع، الزقازيق – مصر.
14. العجال، عدالة، كريمة، حلام (2015)، دور شبكات التواصل الإجتماعي في تسويق المنتجات السياحية، مجلة الإستراتيجية والتنمية، العدد 08.
15. عدلي، عصمت، والآخرون (2011)، مقدمة في الإعلام السياحي، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، ط1، الإسكندرية، مصر.
16. عطية، عبير، والآخرون (2012)، تأثير إستخدام تكنولوجيا الهواتف المحمولة الذكية وتطبيقاتها في عمليات التسويق السياحي (بالتطبيق على مصر)، المجلة العلمية لكلية السياحة والفنادق- جامعة الإسكندرية، عدد (1)، إصدار(2).
17. العملي إيمان (2016-2017)، دور الإعلام في رفع كفاءة التسويق السياحي لجزائر، أطروحة مقدمة لنيل شهادة دكتوراه في العلوم الاقتصادية، إدارة أعمال، قسم علوم التسيير، كلية العلوم الاقتصادية والعلوم التجارية والعلوم التسيير، جامعة العربي بن مهيدي- أم بواقي-، الجزائر.
18. فضل الله، وائل مبارك خضر(2012)، أثر الفايسبوك على المجتمع، مدوّنة شمس النهضة، ط1، مصر.
19. محمد، خطاب (2016)، الإعلام السياحي والعلاقات العامة، دار أمجد للنشر والتوزيـع، ط1، عمان.
20. مخلوف، ماجدة عبد المنعم (2012)، دور الاتصال في إشباع الحاجات الإجتماعية للجمهور المصري، رسالة دكتوراه، (غير منشورة)، (جامعة القاهرة: كلية الإعلام).
21. مزيان، حمزة (2021-2022)، محاضرات في التسويق السياحي، موجهة لطلبة السنة الثالثة، تخصص: تسويق الخدمات، جامعة حسيبة بن بوعلي- الشلف: كلية العلوم الإقتصادية وعلوم التسيير، السنة الجامعية.
22. مقدادي، خالد غسان (2010)، ثورة الشبكات الإجتماعية، عمان.
23. مقراني، الطيب، زحالي رشيد (2024)، التسويق السياحي الإلكتروني كآلية لتطوير صناعة السياحة "نموذج الحجز الإلكتروني أمتديوس"، دفاتر البحوث العلمية، المجلد (12)، العدد (2).
24. مكاوي، حسن محمد (2015)، تكنولوجيا الاتصال الحديثة في عصر المعلومات، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة.
25. ملكاوي، نازم محمود (2016)، تطبيق تكنولوجيا المعلومات في قطاع الخدمات السياحية: أثر استخدام نظام الحجزالإلكتروني في تحسين خدمة الزبائن في فنادق الخمس نجوم في الأردن، مجلة جامعة الأقصى (سلسلة العلوم الإنسانية) المجلد العشرين، العدد الأول.
26. نصيف، بسمة شوقي (2011)، موقع الفيسبوك ودوره في تطوير مجال النحت والتعلم عبر الإنترنت في ضوء متطلبات عصر المعرفة، المؤتمر السنوي (العربي السادس – الدولي الثالث): تطوير برامج التعليم العالي النوعي في مصر والوطن العربي في ضوء متطلبات عصر المعرفة، 41-43 أبريل.
27. همال، فاطمة، برسولي، فوزية (2022)، الإعلام الجديد كآلة للتسويق السياحي - شبكات التواصل الإجتماعي أنموذجا، مجلة طبنة للدراسات العلمية الأكاديمية، المجلد (5)، العدد (2).
28. وسيم، جاهمي، أنور، زعيمن (2021)، دور مواقع التواصل إلاجتماعي في التسويق السياحي من وجهة نظر عمال المركب السياحي حمام الشلالة - دراسة ميدانية مركب حمام الشلالة -قاملة-، رسالة ماجستير، جامعة 8 ماي 1945 قالمة: كلية العلوم الإقتصادية والتجارية وعلوم التسير، قسم العلوم التجارية.

29. عبد اللطيف، مصطفى، اليوسفي، علي فاضل (2025)، التسويق السياحي الإلكتروني والدعاية والإعلان عبر الإنترنت، موقع جامعة كربلاء – كلية العلوم السياحية.
https://tourism.uokerbala.edu.iq/wp/blog/2024/03/29/%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%
30. كردي، أحمد السيد (**2025**)، أهداف التسويق السياحي، موقع (كنانة أونلاين).
https://kenanaonline.com/users/ahmedkordy/posts/937426
31. نيرنجان، أجيت (**2025**)، خمسة معلومات أساسية عن نشأة وتطور الفيسبوك، موقع (**DW**).
https://www.dw.com/ar/%D8%AE%D9%85%D8%B3%D8%A9-%D9%85%D8%B


**دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**


1. Cabezudo, R & Izquierdo, C (**2012**), Determinants of Opening-Forwarding E-mail Messages, Journal of Advertising ،vol. 41 ،No. 2**.**
2. Steinfield, Ellison & Lampe, C (**2008**), Social capital, self-esteem and use of online social network sites: A longitudinal analysis, Journal of Applied Developmental Psychology, 14, (4).

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC-11

# The Role of Facebook in Domestic Tourism Marketing– A Field Study

**Yadgar Ali Mohammed**

Kurdish Language, College of Primary Education, Garmian University, Kurdistan Region – Iraq

**Article Info**

| Received | **April 2025** |
|---|---|
| Accepted | **May 2025** |
| Published: | **August 2025** |

**Keywords**

**Role, Facebook, Marketing, Local Tourism Marketing**

**Corresponding Author**

yadgarali@garmian.edu.krd

**abstract**

Tourism has become an important aspect of human life and has dominated many economic, social and cultural levels of societies. Especially in the era of social networks. This research explores the role that Facebook can play in tourism marketing in the Kurdistan Region, for which the views and opinions of media experts from public and private universities, colleges, educational centers and various institutions in the Kurdistan Region.

The research is descriptive and uses a survey method to obtain the opinions of 84 media experts in terms of gender, degree, academic degree and expertise. The boundaries of the research site include Garmian administration. March (2025).

The study has reached several scientific conclusions:

1. The use of Facebook in the field of tourism marketing is important in several aspects: (encourages travel), (introduce tourists to the characteristics of tourist areas) and then (improve the image of tourist areas among tourists).

2. Successful tourism marketing through Facebook requires several requirements: (Use of audiovisual tools on the website - radio and electronic television), (Provide a website for tourism companies) and (Use the best way to access the website on the Internet).

3. Tourism marketing through Facebook in the Kurdistan Region has faced several obstacles: (weak electronic knowledge and technology among tourists), (weak tourist trust in electronic transactions), (weak technological infrastructure among tourism companies) and (weak trust in companies' pages Facebook).